# هەرجارەی باسێک
# شەڕی دژی تیرۆر و هەنگاوەکانی

ئاسۆ حامدی

لەم ڕۆژانە هەروا قەیرانی ئابووری لە ئەمریکا و ئەوروپا لە نرخەکانی بورسە و بەشە یەکەکان زیاد دەکات ، ئەمەش بە گوێرەی لێکۆڵێرەوەکان پەیوەندی بە نرخەکانی خانووبەرە لە ئەمریکا و بەهای قازانجە لە بانکەکانی ئەمریکا دا هەیە.
ئەم قەیرانە ئابووریە هاویەکە لەگەڵ قەیرانە سیاسیەکانی خودی نێو ئەمریکا و لەدەست دانی ڕێژەی بە گەلی بوونەوەی بۆش لە ئەمریکا و قەیرانەکانی سیاسەتی دەرەوەی بۆش لە عێراق و ئەفغانستان.
هەموو ئەمانە دەبێ بە شێوەی تر و خەڵکی چاوبەستە بکرێت و بە جۆرێکی تر چارەسەر بکرێت.
ئەم ئاڵوگۆڕانە هەر لە مەلایەکانی قوم و تاران تا حزب اللە و ئەلقاعدە لە وەزیرستان و کارمەندێکی ئاسایی لە ئوسترالیا تا لەندەن کە پارەکەی لە سەهم و یەکەکاندا تەوزیف دەکەن دەگرێتەوە.
ئەم هاویەکبوونەو بچوک بوونەوەی دونیا ڕەگە ئابووری و فەرهەنگیەکانیش تێکەڵاو دەکاتەوە.
ڕەنگە بە پێچەوانەوە ئاربیجیەکی چەکدارەکانی محاکمی سۆماڵ کەمتر کاریگەریان هەبێ لە بەرنامەی ئەتۆمی و کارخانەکەی لە بوشهر. بەڵام هەر ئاڵوگۆڕێکی ئابووری و سیاسی لە ئەمریکا دونیا دەهەژێنێ.
پێکهاتەی کۆمەڵگای ئەمریکی پێکهاتەکی ئینتگراسۆنی ناڕیک و پەرت و بڵاوە و هەمووی هەر ژمارەو ئەرقامی قازانج دەزانێ و مەسەلە کۆمەڵایەتیەکان لە بێ هیزی دا دەبینن.
مێژووی سیاسی و کۆمەڵایەتی و فەرهەنگیان لە هۆلیود و لاس ڤێگاس دەچێ. لە هەمان کات سەرکەوتنە زانستیەکانیان لە پێناو مرۆڤایەتی دا خۆی لە خۆی دا بەهرەیەکی بەهێزە و خزمەت بە تەواوی کۆمەلگای مرۆڤایەتی دەکات لە گشت دا.
بۆ ئەوەی ئەم قەیرانە ئابووری و سیاسیانە چارەسەر بکرێن دەبێ حکومەت و باندەکانی سەرووی خەڵک کارێکی تر بکەن. هەربۆیە هەروا بازنەکانی شەڕی دژی تیرۆر ئەمریکا و هاوپەیمانەکانی فراوانی دەکەن، کوشتن و بڕین وخۆتەقاندنەوەو ئاوارەیی و بێکاری و نەبوونی و هەژاری لە دونیا هەروا لە جەمسەرێ (کە چینی کرێکارە) زیاد دەکات و لە جەمسەرەکەی تری(کە دەوڵەمەندەکانە) هەروا کەڵەکە دەبێ.
هەر لە یاساکانی پیترۆکیمیایی و کارۆموگناتیسی دەچێ ، جەمسەرێ دەتوێتەوەو جەمسەرەکەی تر قەبە دەبێت. ڕێک وایە.
شەڕی دژی تیرۆر شەڕی دژی پان ئیسلامیزم و ئەمریکا و هاوپەیمانان، لە ئیسلام ئابادەوە تا دەگاتە کەربەلا، لە زۆلکاوەکانی فلیپین و هێزەکانی ئەبوو سەیاف تا دەگاتە نەهر لبارد لە لوبنان، لە کەناری غەزە تا دەگاتە شاری بلیدەی جەزایری و سۆماڵ، بە کورتی ئەوەی بۆنی پان ئیسلامیزمی لێ بێ هێرشێکی خەتەرناکە. ئەگرچی ئەمریکا وەکو وەرەقەیەکی ئابووری سیاسی بەکاری دێنێ، ڕەنگە هەر خۆی لە ڕێگای دەزگا جاسوسیەکان بتوانێ زیاتر پانئیسلامیزم لە ناوچەکان لاواز و بە هێز بکات تا ڕەوشی سیاسی جیهانی و هاوسەنگی شەڕەکانی ئابووری و سیاسی و کەلتووری لە دونیادا کۆنترۆڵ بکات.( ئەمە هەر هزرە و هیچ بەڵگەیەکی زانستیمان نیە)
شەڕ، بێکاری، نەبوونی و گرانی وەکو هەموو سیماتەکانی تری دژی مرۆڤایەتی سیماتی سیستەمی سەرمایەدارین، لەم دەورەیەی بازاڕی ئازاد و باهۆزی دیموکراسی دا ئەم سیستەمە ناتوانێ ئەم

سیماتانەی خۆی لە نێو ببات. ئەگەرچی لە وولاتانی ئەوروپا دوای جەنگی بەلقان و سەرکوتی سوپای کۆماری ئیرلەندایی و شەڕ لە ناوچەکەدا دەچێتە ئەرشیفەوە( تەسدیر دەکرێ بۆ ئاسیا و ئەفریقا و ڕۆژهەلاتی ناوەند)، بەلام لە دژی تیرۆر بە دەیان سەربازی وولاتانی ئەندام لە ناتۆ لە ئەفغانستان و عێراقدا گیان لەدەست دەدەن.

دوای ئەم شەڕانە وەزعیەتی بەرنامەی ئەتۆمی ئیران و دواتریش کۆریای باکوور (ئەگەرچی پەیوەندی بە پان ئیسلامیزم نیە و ئیدعای کۆمۆنیستەیەکی شکلیە ی سەرمایەداریە) بەلام ئەمریکا دەتوانێ بە میدیاکانی هەر دەولەتێ لە دونیا بکاتە ترۆریست و پەلاماری بدا.

یەکێ لە هەنگاوەکانی ئەم دواییەی ئەدمینسترەیشنی بۆش فرۆشتنی بە بەهای 60 ملیار چەك بە سعودیە و میسر و ئیسرائیلە دژی تیرۆر و تیرۆریستان.

لە حساباتی دەولەتێکی سەرمایەی وەک ئەمریکا گرنگ ئەوەیە کارگە و کارخانە سەربازیەکان بەردەوام کاریان هەبێ، سەرمایەداران دەست بەرداری قازانجەکانیان نابن.

زۆربەی کارگەکانیش بە پارەی خانەنشینی کرێکارانی وولاتانی ئەوروپایی دەچێتە ڕیوە.

لە ئەفریقا لە شەڕەکانی نێوخۆیاندا سەربازەکان پێلاویان لە پێ دا نیە بەلام نوێترین بیکەیسی و کلاشنکۆف یان لە شان و جارجارەش ئۆتۆمۆبیلی نیسانیان لە ژێر دایە.

ئەمریکا بۆ زیاتر خۆشکردنی پێگەی خۆیی و ئابووری و گەشەدان و بەردەوام دان بە کارخانەکانی جەنگ، ئەوا وولاتانی وەکو میسر و سعودیە ناچاردەکات و دەبێ هەموو ڕۆژهەلاتی ناوەند پارەی گولە تۆپەکان و خانەنشینی سەربازە کوژراوەکان بدەنەوە.

هاوپەیمانی ئیسرائیل و ئەمریکا مەسەلەیەک نیە تازەبێ و هەقی یان لێ بسەنێتەوە بەلام میسر و سعودیە ئەمە تەنها هەلتەکاندنی بارک نەبێ هیچی تر نیە.

دەولەتی سەرچاوەی تیرۆر کە سعودیەیە لە چاوی ئەمریکاییە دیموکراتیەکان و ئەوان دەیانەوێ بە جۆرێکی تر مامەلەیان لەگەل بکریت.

کۆنترۆلی هەموو بوارەکانی ئابووری و کەرەستە خاوەکان و میدیا و فەرهەنگ و جیۆپۆلەتیک و هتد سەرمایەداری هەرچی زیاتر لە دونیا دەیەوێ سیستەمی ئەزلی چەوسانەوە بکاتە تەوقی وەهمی هەتا هەتایە لە گەردەنی تەواوی بەشەریەتدا. تا جەمسەرەکەی تر یانی کرێکاران و ڕابەرانیان لە دلی وولاتانی سەرمایەداری تحویل بن بە کرێکاری ئەرستۆکرات و ملیان بە ژێر لم دا بکەن و خۆیان لە واقعیەتەکان نەدەن، ئەوا چارەنووسی گەلان زیاتر بۆ دەورانی نادیار دەڕوات. تەقینەوە گەیشتە لەندەن و گلاسکۆ و مدرید ئەمە جگە لە مۆسکۆ، لەوێش هەر خەلکی هەژارو کرێکار کوژران.ئەم دەورانە دەورانێکی قورسە بەسەر بەرەی ئازادی و عەدالەتی کۆمەلایەتی تێپەڕ دەبێ، وەهمی سۆسیالیزم لە وولاتێک و چەندین شاردا دەکاتە خەونی شەوان و بێ مانا ترین شت.

هیزە کۆمەلایەتیەکان لە بەیاسا بوونەوەی کۆمەلگادا دەتوانن دەولەت و ئەرسنالی عەسکەری بێننە ژێر پرسیارەوە ئەمەش لاوازترین هیزە کە ئەمرۆ سوسیالیستەکانی وولاتانی ئەوروپایی شکی پێ ببەن. ئەمەش لە نێو ئەم هیزە ڕاسترەوانەی کۆمەلگادا دەبێتە کێشمەکێش و بۆ ئایندەی نادیار دەچێ ( بەنموونە حزبی سوسیالیست لە هۆلەند داوای لێکۆلینەوەی بەشداری سەربازی هۆلەنددا دەکات لە ئۆپراسیۆنی ڕزگاری عێراقدا و ژمارەیەکی زۆر لە ئیمزای کۆکردۆتەوە). ئەگەر وا بڕوا شەڕی دژی تیرۆر کارەساتی گەورەتری لێ دەکەێتەوە. ئیستا گەلانی عێراقی وئەفغانی و فەلەستینی و سۆمال و دارفور وهتد.. سەربازەکانی ئەمریکایی و هێزەکانی ناتۆ باجی خوێنەکەی دەدەن و سەرمایەش لە داوجۆنز و

تۆکیۆ و پاریس دا کەڵەکە دەبێ.
ئیسلامیەکانیش لەم نێوەدا خەریکی خۆسازدانی ئابووری و سیاسی و دووبارە تەشکیل بوونەوەدان، هەر لە بانکی ئیسلام لە ئەوروپا و بوونی سەرمایەی 700 ملیار دۆلار و مامەڵەکانیان تا دەگاتە گۆشتی حەلال و فرە ژنی سیغە (لەشفرۆشی حەلال) و تا دەگاتە دەسەلاتی حەماس لە غەزە و هەوڵی دامەزراندنی دەوڵەتی ئیسلامی و ئیمارەت و ئیمارەت کاری 1400 ساڵ بەر لە ئێستا.
ئەمانە هەموویان لە ژێر چاودێری خودی سیاسەتەکانی شەڕی دژی تیرۆر دا دەکرێت.
تالیبان ئیستا هیزیکی گرنگە لە پاکستان و ئەفغانستان، چۆن ئەنسار ئیسلام وا خەریکە لە کوردستان بەهێزی دەکەنەوە، ئەگەر ئەویش نا ئەوا یەکگرتووی ئیسلامی هەر هەیە. ڕەنگە پارتی لە ئایندەدا حکومەتی لەگەڵ تەشکیل بکات، ئەگەر یەکێتی ئاگاداری ئایندەی نەبێ!!
ئەم چەقبەندیەی دژایەتیەکان لە تورکیا زیاتر دەبینرێ، بەلام وولاتی سکولار وا خەریکە چۆک لە بەردەم ئیسلامیزی میانڕەودەدات. ئەمەش هەنگاوێکە بۆ دواوە بە مانای ووشەکە.
ڕەنگە ئەمریکا ڕۆژێ خودی ئیسلامیەکانی شیشان بە هێز بکاتەوە ئەگەر ڕووسیە بەردەوام بێت لە یارمەتیەکانی حەماس و هیزە ئیسلامیەکانی فەلەستینیەکاندا.
تەنها هیزی بەرینی کرێکاران و ئازادیخوازان دەتوانێ ئەم هەموو گێژاویەی دونیا ڕوون بکاتەوە، ئەویش بەداخەوە ئیستا لە قۆناغی سڕبووندا هەناسە دەکێشێ و قوربانیەکانیش هەروا زیاتر دەبن و سەرمایەدارەکانیش هەروا زیاتر دەوڵەمەند تر دەبن.

هۆڵەند 2007